# ئۆریان

## ئەو هەڵۆیەی لە بڵندایی دەترسا



**لاش کلینتینگ**

### فیڕنەگولە

لە وڵاتی ئێمەدا بچووکترین باڵندەیە. قورسایی ئەو لە ٦ گرام زیاتر نابێت. نامەیەکی ئاسایی بکێشەو بەراوردیان بکە! فیڕنە گولە، باڵندەیەکی ئاساییە لە نیشتیمانی ئێمەدا. بەڵام ئەو لە بڵندایی سەر درەختەکاندا دەمێنێتەوەو هێندە بچکۆلەیە کە مرۆڤ بە ئاسانی نایبینێت. ئەو زیاتر ئەو لێڕەوەرانەی پێخۆشە کە دارسنەوبەریان زۆر لێبێت. فیڕنەگولە، مێشوولە، پێشکەو کرم دەخوات کە لە توێژ و تفری درەختەکان، لەناو چڵ و پۆپەکاندا، لە دوایان دەگەڕێت.

ئەو هێلانە بچکۆلەیەی کە فیڕنەگولە دروستی دەکات، خڕ لە شێوەی تۆپێکدایە و لەلای سەرەوەی دەروازەیەکی کراوەی هەیە. دەکەوێتە ژێر لقی دارێکەوەو لە پووش و پەڵاش دروست کراوە. مێیەکە نزیکەی ١٠ هێلکەی تێدا دادەنێت و تا ٢ هەفتە لەسەریان کڕدەکەوێت. کاتێك هێلکەکان دەتروکێن و بێچووەکان دێنە دەرەوە، دایك و باوکەکان یارمەتیی بێچووە برسییەکان دەدەن و خواردنیان بە دەمەوە دەکەن. پاش ٢ هەفتە بێچووەکان دەتوانن خۆیان بژێنن و هێلانەکانیان بە جێدەهێڵن.

زۆر لە فیڕنەگولەکان لە پاییزدا بەرەو باشوور دەگوێزنەوە. بەڵام بەشێك لەوان لە زستاندا لێرە دەمێننەوە. پاشان لەگەڵ بێچووەکان بە دەوروبەردا دەفڕن و لە دارستان ڕاوی شتێك دەکەن کە بیخۆن. ئەوان دەبێت زۆر بخۆن بۆ ئەوەی لە زستاندا گەرم دابێن. بەڵام ئەگەر زستانێکی زۆر ساردبێت، وەکو پێویست خواردن نادۆزنەوە. زۆربەی ئەو فیڕنەگولانە لە سەرماندا دەمرن. لە کاتێکدا هیچ مەترسییەك نییە، کە لەبەر ئەو هۆیە لە ڕیشەوە لەناوبچن، چونکە ئەو فیڕنەگولانەی لە ماوەی زستاندا چووبوونە وڵاتە گەرمەکان، لە بەهاردا دەگەڕێنەوە.



لەلایەکی دوور، لە مێرگ و چیا، دارستانێك هەبوو. لە ناو دارستانەکەدا گیانلەبەری گەورەو بچووك دەژیان. بەشێك لەوان هێلانەیان لە ژێر زەوی بوو، ئەوانی تر لەسەر زەوی و بەشێکیش لەسەر درەخت دەژیان. لە بڵندایی و لەسەر چڵەپۆپەی درەختەکانەوە شا هەڵۆکان بە باڵە بەرینەکان لە شەقەی باڵیان دەدا. تێکڕای شا هەڵۆکان حەز دەکەن لە بڵندناییدا بفڕن، بێجگە لە



ئۆریان. ئەو لە خۆی ڕانەدەدیت. لە بڵندایی دەترسا! جارجار دەفڕی، بەڵام تەنها کەمێك لەسەر ڕووبەری زەوی بەرز دەبووەوە. بڵندتر بفڕییایە، سەری گێژ دەبوو و دەبوورایەوە. ئۆریان هەمیشە خەونی بەوەوە دەبینی کە بڵند بفڕێ و لەگەڵ هۆڵۆکانی تر، لەناو هەوراندا، شا پەڕەکانی خۆی لێك دەدا.



جارێکیان ئەو هەڵفڕی و لەسەر دەوەنەکان سووڕایەوە،



بەڵام بە زۆری لەسەر بنەدارە خۆشەویستەکەی هەڵدەنیشت،

یاخود دەگەڕا.





ڕۆژێکیان ئۆریان هەڵنیشتبوو و تەماشای جووتێك هەڵۆی دەکرد کە لە بڵندایی ئاسمانی سەر دارستانەکە دەسووڕانەوە. "چۆن لە خۆم ڕاببینم، ڕۆژێك، منیش ئاوا بڵند بفڕم؟ لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد.

"بەڵێ، ڕەنگ بێ یەکێکی دیکە، بیرۆکەیەکی هەبێ. "دەنگێك هات.
ئۆریان بە دەوری خۆیدا نواڕی: "چی؟ ئەوە کێ بوو؟"
"ئەوە من بووم." دەنگەکە گوتی: "لێرە لە بەرانبەر تۆ."






"تۆی بچکۆلانه"، ئۆریان گوتی: "تۆ کێیت؟"
"من فیڕنەگولەم." ڕەنگ بێ بتوانم یارمەتیت بدەم، تا لە بڵندایی و لەناو هوراندا بفڕی.
ئۆریان پێکەنی: "تۆ؟" تۆ لە پەڕە هەرە بچکۆلەکەی من بچکۆلەتری."
"بەڵام ئێمە هەردووکمان باڵندەین. تۆ ناوت شا هەڵۆ و من ناوم فیڕنەگولەیە."
"ئەوجا چۆن دەتوانی یارمەتیم بدەی، تا بفڕم؟"
"بەڵێ"، فیڕنگولە بچکۆلانەکە جووکەیەکی کرد. "دەمی ڕۆژهەڵات لەسەر گردی کەناری دارستانەکە یەکتری دەبینینەوە."



"نەخێر، نەخێر!" ئۆریان گوتی. "لەوێ نا.
ئەوێ زۆر بڵندە دوایی دەبووریێمەوە."
فیڕنەگولە گوتی: "بەداخەوە"، کەوابێ ناتوانم
یارمەتیت بدەم لە بڵندایی و لە ناو هەوراندا
بفڕی." ئۆریان منگەمنگێکی کرد: بەڵام
بەڵام "
"ڕاوەستە! مەڕۆ من دەبی هەندێ
بیربکەمەوە "،
پاش ئەوەی ماوەیەك بیری کردەوە، گوتی:
"بەڵێ"، باشە هەوڵ دەدەم بیێم."





ڕۆژی پاشتر، لەگەڵ گەردی بەیانی، ئۆریان هێواش هێواش بۆ سەر گردەکە بە ڕێ کەوت. هەرچەند ئەو زیاتر بەرەو بڵندایی سەردەکەوت، سەری گێژتر دەبوو. لە کۆتاییدا گەیشتە سەرەوە، ئارەقاوی، گێژو زۆر ماندوو. بەڵام فیڕنەگولە دیارنەبوو.



ئۆریان بیری کردەوە، هەڵیانخەڵەتاندم. ئێستا چۆن بتوانم بچمە خوارەوە بۆی دارستانە کۆنە خۆشەویستەکەم؟

ئەو بە درێژایی ئەو ڕۆژە لەوێ مایەوە و پەشیمان بووبووەوە لەوەی بەدوای پێشنیازەکەی فیڕنەگولە کەوتووە. کە شەو داهات، کەوتە بیرکردنەوە کە چۆن باقیی ژیانی لەسەر ئەو گردە بەسەر بەرێت. لەو دەمەدا دەنگێکی نزمی هاتە بەرگوێ:

"بەڵێ، من تۆزێك دواکەوتم!"

فیڕنەگولە گوتی: "ئێستا تاریك داهاتووە، دەتوانین سبەینێ دەست پێ بکەین."



ئۆریان گوتی: "باشە کەواتە تا سبەینێ لێرە چاوەڕێت دەکەم."

"نەخێر"، فیڕنەگولە گوتی: "بەیانی لەوێ لەسەر بنەدارەکە یەکتر دەبینینەوە."

ئۆریان لەرزی. هێشتا لە گردکەش بڵندتر! ئەو بەبیرکردنەوە لەسەر بنەدارەکە گێژ دەبوو.

"نەخێر، ئەوێ زۆر بڵندە.

فیڕنەگولە گوتی: "زۆر بەداخەوە"، "کەوابێ من ناتوانم یارەمتیت بدەم تا لە بڵندایی، لەناو هەوراندا، بفڕی."

ئۆریان بیری لە هەموو ئەو هەڵۆیانە دەکردەوە کە دەیبینین بەسەر دارستانەکەدا دەفڕین.

"باشە کەواتە هەوڵ دەدەم."

سبەی زوو، ئریان کەوتە هەڵگەڕان بەرەو سەرەوەی بنەدارەکە.



پاشەو پاش و
پێشەوپێش



لە کۆتاییدا خۆی گەیاندە سەرەوە. بەڵام فیڕنەگولە دیار نەبوو.



دیسان هەڵیانخەڵەتاندم، ئۆریان بیری کردەوە.
ئێستا من چۆن لەسەر بنەدارەکەو گردەکە بێمە خوارەوە؟
لەوێ هەڵنیشت و بیری لێ دەکردەوە. تەواوی ئەو ڕۆژە، دڵتەنگ و سەغڵەت بوو.
کاتێك شەو داهات، دەنگێکی گوێ لێ بوو:
''بەڕاستی من هەندێك دواکەوتم.''



فیڕنەگولە گوتی: ''ئێمە دەتوانین سبەینێ دەست پێبکەین. ئێستا بە تەواوی تاریك داهاتووە.''
ئۆریان گوتی: باشە کەوابێ هەتا سبەینێ دادێت، من لێرە چاوەڕێت دەکەم.''
''نەخێر'' فیڕنەگولە گوتی: ''سبەینێ لەسەر دار کاژەکە یەکتر دەبینینەوە.''
''دارکاژ! هەرگیز ئەمەیان ناتوانم. ''ئۆریان گوتی: زۆر ترساو لە ڕاستیدا تەندروستیی تێکچوو.
''زۆر بەداخەوە''، فیڕنەگولە گوتی: ''کەوابێ ناتوانم یارمەتیت بدەم تا لە بڵندایی و لەناو هەوراندا بفڕی.''
ئۆریان گوتی: ''بەڵێ، بەڵێ، باشە کەواتە هەوڵ دەدەم.''



سبەینێ زوو، کەوتە هەڵگەڕان
بەسەر دارەکەدا.



خەریکە دەبووریمەوە! من دەبووریمەوە! ئەو بیری دەکردەوە.
بەڵام نەبوورایەوە. ئەو لەوێدا هەڵنیشت بەبێ جووڵە و نەیدەوێرا
یەك شاپەڕی خۆی بجووڵێنێ. پاشان گوێی لە دەنگێك بوو:
"چەندە باشە کە تۆ لێرەیت."



ئۆریان داوای لێکرد: "یارمەتیم بدە"، چۆن بتوانم لەسەر ئەم کاژە سامناکە بێمە خوارەوە؟"
"تەماشاکە"، فیڕنەگولە گوتی: "لەو بەرزاییە هەڵۆیەك دەفڕێ. ئەو بە دڵنیاییەوە دەزانێ چی بکەیت باشە بۆ ئەوەی بێیتە وارەوە."
"بەڵام من چۆن دەتوانم پرسیاری لێ بکەم؟" ئەو زۆر لە بڵندایییە."
فیڕنەگولە گوتی: "بفڕە بۆ بڵندایی و لێی بپرسە."



ئۆریان پرسیی: "چۆن؟"
"خۆت هەڵدە"، فیڕنەگولە گوتی.
"خۆت هەڵدەوباڵەکانت بەکەرەوە."
ئۆریان گوتی: "باشە کەوابێ هەوڵ دەدەم."
"هەر ئەوەندەیە کە



"زیاتر بەلای چەپدا"،
فیڕنەگولە گوتی:
"هەندێك زیاتر بەرەو سەرەوە!
باشە!
ئەمجا ڕاست بۆ پێشەوە "

خۆت هەڵبدەی!"




ئۆریان له ژیانی خۆی دەترسا.

دارستان! زەوی! ئەو بیری دەکردەوە. ئێستا تەنها ئەو هەڵۆیە دەتوانێت یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی بێمە خوارەوە



کاتێك کە نزیك بووەوە، کۆخەیەکی کردو گوتی:


"م م م حەزم دەکرد بزانم، ئەگەر بتوانی بەشتێك یارمەتیم بدەی "



هەر لەو کاتەدا، ئەو خۆی بینی کە- دەفڕێ!
"پێویست ناکات لەوە بڵندتر بفڕیت. "فیڕنەگولە گوتی:
"من دەفڕم"، ئۆریان پستەپستی دەکرد.



هەڵۆکەی تر گوتی: "ها ئەو شتەی کە تۆ دەتویست بیپرسی چی بوو؟"
بەڵام ئۆریان گوێی لێ نەبوو.



ئەو هەر زوو لەو ناوە دوور کەوتبووەوە، ئۆریان بەسەر کۆنەدارستانە خۆشەویستەکەی خۆیدا فڕی. لە ئەنجامدا ئەویش وەك هەموو هەڵۆکانی دیکە توانی لە بڵندایی و لە ناو هەورەکاندا بفڕێ. هەستی دەکرد شا باڵەکانی بە هێزن و سکیشی شەپۆلان دەدا، وەختێك ئەو لە بڵدایییەوە ناوچەکەی لە ژێر خۆیەوە دەبینی، ئای، هەستی بە چ خۆشییەك دەکرد، کە چۆن ئەو بایە گەرمەی هاوین ئەوی بڵندتر و بڵندتر دەبرد.

# شا هەڵۆ



یەکێك لە باڵندە هەرەزلەکانی وڵاتەکەمانە. ئەگەر پیاو نێوان نووکە تیژەکانی هەردوو باڵە گڤبووەکانی هەڵۆیەك بپێوێت، پێوانەکە نیشانی دەدا کە خۆی لە دوو مەتر دەدات! هەروەها قورساییەکەی تا ٦ کیلۆ دەبێت. شا هەڵۆ باڵندەیەکی دڕندەیە کە گیانلەبەری تر دەخوات. ئەمەش لە دەندووکە چەماوەکەی و چنچڕۆکە تیژەکانیدا دەبینرێت. ڕاستە کە شا هەڵۆ باڵندەیەکی گەورە و بەهێزە، بەڵام توانای هەڵگرتنی گیانلەبەری لە کەروێشك و باڵندە گەورەتری نییە. جارجار پاشماوەی ئەو خواردنانە دەخوات کە گیانلەبەرە دڕندەکانی تر لە پاش خۆیانی بە جێدەهێڵن.

شا هەڵۆ بەزۆری هێلانەی خۆی لەسەر تەپۆڵەکەی کۆنەداری کاژ دروست دەکات، کە لە لق و پۆپی دارو کەلەدار دروستی دەکات. هێلانەکەی لەوانەیە زۆر گەورە بێت و چەند سەد کیلۆ ببێت! مێیەکە ٢ هێلکەی تێدا دادەنێت و تا ٤٥ ڕۆژ لەسەریان کڕدەکەوێت، واتە تا هەڵیان دەهێنێت. لەسەرەتادا بێچووەکان هیچیان بۆ ناکرێت. ئەوان هەمیشە برسییانە و دایك و باککان دەبێت خواردنیان بەدەمەوە بکەن. دوو مانگ و نیو دەخایێنێت تا خۆیان دەژێنن.

بێچووی شا هەڵۆکان لە شێوەی چووکلێتێکی قاوەییدان و خاڵی سپی ڕووناك لەسەر باڵەکانیان هەیە. کلکیانیش سپییە لەگەڵ بەرگێکی ڕەش بە دەوری لای دەرەوەیاندا. هەرچەند شا هەڵۆ گەورەتر بێت، ڕەنگە سپییەکەی زیاتر بزر دەبێت. کاتێك بە تەواوی گەورە بوون، پاش ٦ ساڵ هەموو لەشیان بە تەواوی قاوەیی دەبێت.

لە وسوێدا زۆربەی شا هەڵۆکان لە لێڕەوارە چڕەکانی باکوورو کۆسارەکاندا هەن. هەڵۆ پیرەکان بە درێژایی ساڵ لەوێ دەمێننەوە، بەڵام گەنجەکانیان لە پاییزدا بەرەو باشوور کۆچ دەکەن. ئەوێ گەرمترەو لە زستاندا، ئاسانتر خواردن پەیدا دەبێت.